# گفت و گۆی بەرە و سۆشیالیزم لە گەڵ خەیاڵ ابراهیم بە بۆنەی 8 ی مارس رۆژی جیهانی ژنەوە

خەیاڵ ابراهیم بەرپرسی یەکەم لە رێکخراوی یەکگرتووی ئازادی ژنانی عێراقەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقەو وە کەسێکی هەڵسوراو و سەرەکی بوو لە کەمپینی دژی شەریعە لە کەنەدا وە ئەو کەمپینەش بە سەرکەوتن گەیشت بەوەی کە نابێ دادگای ئیسلامی لە کەنەدا دابنرێ وژنان بە رێگای ئیسلامی مارە بکرێن و بە شوو بدرێن.

**بەرەو سۆشیالیزم ( ب .س):** هاورێ خەیاڵ هەروەك دەزانی رۆژی 8 مارس رۆژێکە لە جیهاندا ناسراوە بە شێوەی جۆراو جۆر یادی ئەکرێتەوە لە لایەن رێکخراوەکانی ژنان و چەپەکان ,دەیانەوێ مافی یەکسانی ژن لە گەڵ پیاودا بەرێگای خۆپیشاندان ونارەزایەتی یەکانەوە بە گوێی بۆرژوازیدا بدەن قسەتان چی یە لەم بارەیەوە ؟

**خەیاڵ ابراهیم:** سەرەتا پیرۆز بایی گەرم دەکەم لە سەرجەم ژنان و هەموو پێشکەوتوو خوازان ویەکسانی خوازانی جیهان بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنەوە . رۆژی جیهانی ژن رۆژێکە بۆ نیشاندانی مافی ئازادی و یەکسانی هەمە لایەنەی ژن لە گەڵ پیاو . رۆژی 8ی مارس رۆژێکی دیاری کراوە کە زۆربەی ژنان پێیان خۆشە بێنە مەیدانی هەوڵ و خەبات لە پێناو ئەو ئامانجە ئینسانی یە. لەو رۆژەدا رێکخراوەکانی ژنان و هەڵسوراوانی ژنان لە سەرتاسەری دونیادا را دەگەیەنن کە کێشەی ژن و یەکسانی مەسەلەیەکی گرنگە وە بنەرەتی یە وە تاکید لەوە دەکەنەوە کە دەبێ خەبات و هەوڵدان بەردەوامی پێ بدرێ بۆی .خۆ پیشاندان لە سەر شەقامەکانی شارەکان و کۆڕ و سیمینارات ئەنجام دەدەن تا پیرۆزی ئەو رۆژە را بگەیەنن تا نەخشە بۆ کاری داهاتوویان دابنێن .ئەوەی گرنگە لێرەدا بووترێ ئەوەیە کە یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان و مافەکانیان پەیوەندی بە دونیاوە هەیە ئەگەر خەبات بۆ ئەم مەسەلەیە ئەنتەرناسیونالیستی نەبێ مەحالە بەدی هاتنی یان .لە زۆربەی وولاتە پێشکەوتووەکان لە ئەوروپا و غەرب بەشێك لە مافەکانی ژنان بە هۆی خەباتی یەکسانی خوازی ژنانەوە بە دەست هاتووە بەڵام ئەمە مانای یەکسانی ژنان لە گەڵ پیاواندا نی یە چونکە ئەم مافە لە سیستەمی سەرمایەداریدا بە دەست نایەت تا مالکیەتی خسوسی هەبێ وکاری گرتە مابێ ئینسانەکانی کۆمەڵگا ناتوانن یەکسان بن .

**ب.س :** ئێوە داواکاریتان چیە لە رێکخراوەکان و هەلسوراوانی ئازادی ژنان بۆ کۆمەك بە ژنانی عێراق؟

**خەیاڵ ابراهیم :** بەم بۆنەوە بانگەوازی رێکخراوەکان و هەلسوراوانی ژنان دەکەم کە کۆمەك و پشتیوانی بکەن لە ژنانی عێراق لەم بارودۆخە مەینەت بارەیاندا دەریان بێنن بە هەر شێوەیەك بۆیان دەکرێ . ژنانی عێراقیش پێویستیان بەم بزووتنەوە جیهانی یەیە چونکەلە ژنانی هەموو دونیا زیاتر سەرکوت دەکرێن بە هۆی هێزەکانی سیناریۆی رەشەوە لەلایەن باڵی ئەمەریکی وهێزە قەومی و دینی یەکانیەوە وەلەلایەن باڵە تیرۆریستەکانی ترەوە . ئەم پشتیوانی یە کۆمەك دەکا بەوەی کە ئەم بارو دۆخە درێژە نەکێشێ وە ژنانی عێراق بە مافەکانی خۆیان بگەن . با پێکەوە کار بکەین و بەرهەڵستی ئەو هێزانە بکەین کە دەیانەوێ حیجاب داسەپێنن و سەرکوتی ژنان دەکەن و دەیانەوێ بیانخەنە ماڵەوە, وەدەبێ پێکەوە ئەو شیعارە بەرز را گرین کە دەڵێ: ئازادی ویەکسانی هەمە لایەنە بۆژنان .

**ب.س :** جیاوازی چیە لە نێوان بزووتنەوەی سۆشیالیستی ژنان کە ئێوە خۆتان سەر بەم بزووتنەوە ناو دەبەن لەگەڵ بزووتنەوەکانی تر ؟

**خەیاڵ ابراهیم :** جیاوازی زۆرە لە نێوان ژنێکی سۆشیالیست وئەوانی تردا بە تایبەتی سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی پیاو سالاری . ژنێکی فیمینیست داوای ئازادی ژن دەکات بەڵام بە دژایەتی کردنی پیاو . ئەمانە تا رادەیەك توانیویانە چاکسازی لە قەوانینەکانی وولاتانی جیهانداوە بەتایبەت لە غەربدا بکەن بەلام ئەو گۆرانکاریانە نەبووەتە هۆی لە ناوبردنی

چەوساندنەوەی ژنان و نەبووەتە هۆی کۆتایی هاتن بە ئەشکە نجەو لێدانی ژنان لە لایەن پیاوانەوە بۆیە دەکرێ بووترێ ئەم گۆڕانانە ریشەیی نین و رووکەشین .

سەبارەت بە هێزە دینی و قەومی یەکان لە بیری ئەوەدا نەبوون و نین تابزووتنەوەیەکی ژنان بە رێ بخەن بۆ بە دەست هێنانی خواستەکانیان . ئەگەر رێکخراوێکی مەزهەبی یا ناسیونالیستی هەبێ بە ناوی ژنانەوە ئەوا ئەوان کار دەکەن بۆ مەسەلەیەکی سیاسی نەك بۆ ژنان . ئەوان کار دەکەن بۆ حیزبەکانیان وە پرو پاگەندە بۆ حیزبە کۆنە پەرستەکانیان دەکەن هیچ پەیوەندیە کیان بەداخوازی یەکانی ژنانەوە نی یە . لە زۆر حالەتدا ئەوانە پێك دێن بۆ دژایەتی کردنی ئەو رێکخراوانەی کە داوای ئازادی و یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان دەکەن.رێکخراوی یەکگرتووی ئازادی ژنانی عێراق کە سەر بە بزووتنەوەی سۆشیالیستی ژنانە خوازیاری ئازادی ژنانە ئەوەش لە رێگای هەوڵدان بۆ زاڵ بوون بە سەر هەموو هۆیە کانی چەوساندنەوەی ژنان چ هۆی دینی بێ یا کۆمەڵایەتی و سیاسی بێ .

ب.س : ئێوە باسی رێکخراوی یەکگرتووی ئازادی ژنانی عێراقتان کرد هیچتان بە دەستەوەیە بۆ 8 ی مارس ؟

خەیاڵ ابراهیم : بەڵێ . هەندێ چالاکیمان بە دەستەوەیە بیکەین ئەوەی سەرەکیە بۆ ئێمە پێی هەستین گەیاندنی دەنگی ژنانی عێراقە بە رێکخراو و کەسایەتی یە هەلسوراوەکانی ژنانی جیهان وە دەمانەوێ بەشداری بکەین لە خۆ پیشانانەکانی 8ی مارس لە ئەوروپا و کەنەدا وە لە گەڵ هەڵسوروانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی ژنانی ئێراندا لە دەرەوەی وولات ئاهەنگ و مەراسیم ئە نجام بدەین .

ب.س : تۆ وەك هەڵسوراوێکی بزووتنەوەی ژنانی عێراق و کوردستان ئەم بار و دۆخەی ئێستای عێراق چۆن هەڵدەسنگێنی وچ کاریگری یەکی هەیە بۆ سەر ژنانی ئەم وولاتە ؟ ئەی چی دەڵێن لەسەر دەستوری ئێستای دەسەڵاتی میلیشیا قەومی و ئیسلامی یەکانی عێراق سەبارەت بە ژنان ؟

خەیاڵ ابراهیم : ئەوە بۆ جیهان روونە کە بارودۆخی ئێستای خەڵك بە ژن و منال و پیاوەوە چۆنە , هە رۆژە خراپترو ئاڵۆزتر دەبێ , بۆ ژنان چەند قات زیاتر خراپترە ,دەستوریش نەك هیچ مافێکی نەداوە بە ژن بەڵکو زیاتر دەیکاتە کۆیلەی قانوون . ژنان دەخاتە ماڵەوە و حیجابیان بە سەردا فەرز دەکات .ئەوەش کە ئاشکرایە زیاد بوونی تیرۆر و توندو تیژی وای کردووە کە ژنان پایەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی خۆیان لە دەست بدەن وای لێ کردوون کە تەنانەت نەتوانن لە ماڵەکانی خۆیان بێنە دەرەوە لە ترسی تیرۆرکردنیان .بوونی داگیرکاری ئەمەریکی لە لایەك و تیرۆریزمی میلیشیا ئیسلامی وهێزە کۆنە پەرستەکان لە لایەکی ترەوە بووەتە هۆی زیاتر بوونی توندو تیژی لە سەر ژنان . کاتێ ژنان دەچنە دەرەوە بۆ کار یا بۆ خوێندن دەرفێنرێن و تیرۆر دەکرێن لە بەر ئەوەی یا حیجابیان نە پۆشیوە یا کەسانی کارمەندو مامۆستا ی دانیشگاو دکتۆر و فوتابین یا کار دەکەن لە ئارایشگاکاندا . لە سایەی ئەم باردۆخەدا نابێ ژنان داوای لابردنی ئەم توندو تیژی یە بکەن یا خود داوای مافی خۆیان بکەن پێیان دەووترێ شورەبیە ژن ئەو شتانە بڵێ و داوای مافی خۆی بکاو ژن نابێ یەکسان بێ لە گەڵ پیاو جگە لە ئیسلامی سیاسی دینەکانی تریش هەمان هەلویستیان هەیە . ژنان زیاتر لە پێشوو تووشی چەوساندنەوە دەبن لە ماڵدا بە حوکمی زاڵ بوونی قەوانینی ئیسلامی ژن دەبێ زیاتر لە ماڵەوە کار بکاو ئەگەر بە گوێ ی پیاوەکانیان و باوك براکانیان نەکەن دەکەونە بەر لێدان و توندو تیژی , ئەگەر ژن خۆشەویستی بکا و یا لە دەرەوەی هاوسەری سێکسی هەبێ زۆر بە شانازی یەوە وەبە پێی عەقلی پیاو سالاری تیرۆر دەکرێن . دیاردەی خۆ کوشتن و خۆ سووتاندن زۆر لە جاران زیاتری کردووە لە ناو ژنان دا بە هۆی پێشێل بوونی مافەکانیان .

ب .س : دوا قسەتان چی یە بۆ ژنانی عێراق و کوردستان ؟

خەیاڵ ابراهیم : من پەیامێکم هەیە بۆ ژنانی عێراق و کوردستان ئەویش ئەوەیە دەڵێم ئەگەر ئێوە خۆتان زنجیری کۆیلایەتیەکانی خۆتان نە پچرێنن لە خۆیانەوە ناپچرێن . زیاتر بێنە مەیدانی خەباتەوە ئیرادەی خۆتان نیشان بدەن ئێوە تەنها نین بزووتنەوەی یەکسانی خوازی جیهانیتان لە گەڵدایە ئەمرۆ ئەم بزووتنەوەیە چاوی لە ئێوەیە داوای رزگاری ئێوە دەکات . خەباتی ئێوە و ژنانی جیهان بە یەکەوە گرێ دراوە . ئەوە لای ژنانی یەکسانی خوازی جیهان مەعلومە کە ئێوە ئەو ستەم

و چەوساندنەوەی لە سەرتانە نارازین پێی ئەگەر ئێمە ژنانی عێراق وکوردستان خەباتمان گرێ بدەین بە خەباتی کرێکاران لە پێناو سۆشیالیزمدا دڵنیاین بە مافەکانمان دەگەین و بەیەکسانی هەمە لایەنەمان لەگەڵ پیاواندا شاد دەبین بە ئومێدی رزگاری یەکجاریمان پیرۆزبایی رۆژی جیهانی ژنتان لێ دەکەم .

ب س : سوپاس بۆ ئەو هەلەی رەخسانتان بۆ ئەم گفت و گۆیە لە گەل هیوای هەوڵی جیددی ترتان لەم بوارەدا.

خەیاڵ ابراهیم : زۆر سوپاس لە گەڵ هەمان هیوای مندا بۆ ئێوە .

2007\2\21